وەزیری نەوت جەختی لەسەر خواستی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن نەوتی لە کێڵگەکانی هەرێم کردەوە

ئەمڕۆ یەک شەممە"حەیان عەبدولغەنی" وەزیری نەوت،جەختی لەسەر خواستی دەستپێکردنەوەیهەناردەکردن نەوتی لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێم کردەوە.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی نەوتدا هاتووە:- ئەمڕە "حەیان عەبدولغەنی" جێگری سەرۆک وەزیران بەکاروباری وزە و وەزیری نەوت، گەیشتە هەرێمی کوردستان، و لەلایەن "کەمال محمد ساڵح " وەزیریسامانە سروشتیەکانی هەرێم و ژمارەیەک بەرپرس پێشوازی لێکرا .

حەیان عەبدولغەنی لەمیانی سەردانەکەیدا رایگەیاند:-کە سەردانەکە بە درێژپێدەری ئەو گفتوگۆیانەیە کە لە بەغدا ئەنجامدرابوون بە پرسی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمەوە،کە پرسەکە بە دابینکردنی داهاتی زیاتر بە بودجەی فیدراڵی زەر گرینگە.

وەک وەزیری نەوت ئاماژەی پێدا :- حکومەت دەخوازێت میکانیزمی گونجاو بدۆزێتەوە بۆدەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێم، جەختیشیکردەوە کە بە ئەم مەبەستە چاوی بەژمارەیەک بەرپرسی هەرێم دەکەوێت.